# وانەی ١٠٠: ڕات چیە بەرامبەر عیسا؟

بەشی ٢

ئێستا بەردەوام دەبین لەو باسەی وانەی ڕابردوو بەناوی (ڕات چیە بەرامبەر عیسا؟) ئەم پرسیارە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی تاهەتا لێی دەبین پشت بە ڕامان دەبەستێ دەربارەی عیسای مەسیح. لە وانەی ڕابردوومان، ثرسیمان ڕاتان چیە دەربارەی لەدایك بوونە موعجیزەییەکەی و خەسلەتی پیرۆزی و ووشە سەرسوڕهێنەرەکانی و هێزە بالادەستەکەی و ناونیشانە پایەبەرزەکانی. ئەمرۆ پێنج پرسیاری ترمان هەیە دەمانەوێ لێتان بپرسین دەربارەی عیسا.

یەکەم پرسیار ئەمەیە: ڕات چیە بەرامبەر مردنی؟

دەزانی لەکوێ دەمری؟ یاخود چۆن دەمری؟ دەزانی کەی دەمری؟ من و تۆ دەبێت دان بنەین کەوا هیچ نازانین دەربارەی ئەم شتانە. بەلام عیسا وەك ئێمە نەبوو. ئەو دەیزانی لەکوێ دەمرێت و ڕایگەیاند. لەئۆرشەلیم دەمرێ. هەروەها باسی شێوەی مردنی کرد پێش وەخت. بە قوتابییەکانی فەرموو، (ئەوا سەردەکەوینە ئۆرشەلیم، هەرچی پێغەمبەران لەبارەی کوڕی مرۆڤەوە نووسیویانە دێتە دی. دەدرێتە دەستی نەتەوەکان، گاڵتەی پێ دەکرێت و جوێنی پێ دەدرێت و تفی لێ دەکرێت، بەقامچی لێی دەدەن و دەیکوژن. لەڕۆژی سێیەمیشدا هەڵدەستێتەوە.) (لۆقا ١٨: ٣١-٣٣)

هەروەها بەقوتابییەکانی فەرموو کەی دەمرێ، کەوا لەهەمان ئەو ڕۆژە دەبێ کە جولەکە بەرخ سەردەبڕن بۆ ئاهەنگ گێڕانی جەژنی پەسخە. دەبوایە لەو ڕۆژەدا بمرێت وەك بەرخی خودا، وەك قوربانی بۆ لابردنی گوناهی جیهان.

مردنی عیسا جیاواز بوو لەهەموو مردنەکان، لەبەر ئەوەی خۆی هەڵیبژارد بمرێ. خوێندمان کە عیسا فەرمووی، (کەس لەمنی ناستێنێت، بەڵکو خۆم دایدەنێم. دەسەڵاتی دانان و دەسەڵاتی بردنەوەیم هەیە.) (یۆحەنا ١٠: ١٨) عیسا هەرگیز گوناهی ئەنجام نەدابوو، لەبەر ئەوە بوو دەیتوانی بەسەر مردن زاڵ بێت. دەیتوانی بەئاسانی سەرکەوێتەوە ئاسمان بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتبوو بێ ئەوەی مردن ببینێ. بەلام هەڵبژارد بمرێ لەبەر گوێڕایەڵی بۆ ئیرادەی باوکی و خوشەویستی بۆ گوناهباران. ژیانی خۆی بەخت کرد بۆ ئێمە بە ڕێگا دانی بە خەڵکی لە خاچی بدەن. مرد لەپێناو ئەوەی لێ خۆش بوونمان بۆ دابین بکات شوێنێکمان بۆ مسۆگەر بکات لە بەهەشت. نزیکەی حەفت سەد ساڵ پێش هاتنی مەسیح بۆ جیهان، پێغەمبەری خودا ئیشایا ڕایگەیاند ڕزگاری دەرەکە بۆچی دەبێ بمرێت کاتێ فەرمووی: بەڵام ئەو لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا بوو تەمێکردنی ئاشتیمان لەسەر ئەو بوو بە برینەکانی ئەو چاك بووینەوە. هەموو وەک مەڕ وێڵ بووین هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرت خوداوەندیش هەموو تاوانەکانی ئێمەی خستە سەر ئەو. (ئیشایا ٥٣: ٥، ٦)

من و تۆ هۆی ئەوەین کە عیسای مەسیح مرد. ئەو شوانە چاکەیە کەوا بە ئیرادەی خۆی ژیانی بەخت کرد بۆ مەڕەکانی. هەرگیز هیچ پیاوێك وەك ئەو نەمردووە. بەراورد ناکرێ. تاکە لەنێو مرۆڤدا.

پرسیارێکی گرنگی تر کەوا هەموو کەسێك دەبێت وەڵامی بداتەوە: ڕات چیە بەرامبەر سەرکەوتنەکەی بەسەر مردندا، کەوا هەڵسانەوەیەتی؟

عیسا مرد و نێژرا. دوژمنەکانی هەموو شتێك کە توانییان کردیان بۆ پاسەوانی کردنی گۆڕەکەی. بەردێکی گەورەیان دانا بۆ ئەوەی گۆڕەکەی دابخەن، پاشان بە توندی قفلیان دا. سەربازیان دانا لەوێ بۆ پاسەوانی کۆڕەکە. بەلام، هەموو هەوڵەکانیان عیسای ڕانەگرت لە هەڵسانەوە لە مردن. بێ گومان، پەروەردگار عیسای مەسیح لە مردن هەڵسایەوە لە ڕۆژی سێیەم و بۆ قوتابییەکانی بەدەرکەوت. لەپاش ئەوە، بەدەرکەوت بۆ زیاتر لە پێنج سەد شایەت بە یەکجار. ئەو کەسانە بینیان و دەستیان لێ دا و لەگەڵی نانیان

خوارد لەپاش هەڵسانەوەی. برینەکانی دەستی و پێی و لاتەنیشتی پێ نیشان دان. بەڵێ، لە مردن هەڵسایەوە وەك ئەوەی پێش بینی کرد! خودا عیسای لە مردن هەڵسانەوە بۆ ئەوەی بۆ هەموو جیهان بسەلمێنێ کەوا لە ئیشی عیسا ڕازی بوو لەسەر خاچەکە وەك تەواوترین و دوایەمین قوربانی کەوا سزای گوناه دەداتەوە.

مردن دوژمنێکی مەزنە. باووباپیرانمان مردن. پێغەمبەران هەروەها مردن، و لاشەکانیان لەناو گۆڕدا مایەوە. ئێمەش ڕۆژێك دەمرین. بەڵام ستایش بۆ خودا، عیسای مەسیح مردنی بەزاند! ئەو ڕزگاری دەرێکی زیندووە و دەتوانێ هەموو ئەو کەسانە ڕزگار بکات کە لە ڕێگای ئەوەوە دێن بۆ لای خودا، لەبەر ئەوەی لە ژیاندایە و شەفاعەت دەکات بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە. ئایا هیچ پێغەمبەرێك هەیە لە ژیاندا ئەمڕۆ لەپاش ئەوەی مردن؟ نەخێر، کەس نیە. عیسای مەسیح تاکە کەسە کەوا بەسەر گۆڕدا زاڵ بوو. ئەو لە ژیاندایە ئەمڕۆ، لەبەر ئەوەشە کەوا ئێمەی باوەڕدار ترسی مردنمان نیە. مردن تەنها چوونە بۆ ئەوەی بچینە لای پەروەردگارمان. بەڵێ، عیسا تاکە و بەراورد ناکرێ. هیچ تاکی لەسەر زەوی و لە ئاسمان نیە. ڕات چیە بەرامبەر سەرکەوتنی بەسەر مردن دا؟

پرسیارێکی تر ئەمەیە: ڕات چیە بەسەرکەتنی بۆ ئاسمان؟
لەپاش ئەوەی پەروەردگار عیسا لە مردن هەڵسایەوە، بۆ ماوەی چل ڕۆژ بەدەرکەوت بۆ قوتابییەکانی. پاشان بینیمان ماڵ ئاوایی لێیان کرد و سەرکەوت بۆ ئاسمان و لە دەستە ڕاستی خودا دانیشت، لە شوێنی ناو بەرزی هەرە بڵند، و بەو شێوەیە نیشانی دا کەوا لە هەموو فریشتەکان و پێغەمبەران و هەموو مرۆڤایەتی گەورەترە! نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ و دەفەرموێ: خودا بەرزی کردەوە و ناوێکی دایێ لەسەرووی هەموو ناوێک، تاکو هەموو بۆ ناوی عیسا چۆک دابدەن، لەئاسمان و سەر زەوی و ژێر زەویش، هەروەها هەموو زمانێک دان بنێت کەعیسای مەسیح خوداوەندە، بۆ شکۆی خودای باوک. (فیلیپی ٢: ٩–١١) بەڵێ، عیسا تاکە. بەراورد ناکرێ!

هەر سەبارەت بەمە، پرسیارێکی تر هەیە: ڕات چیە بەرامبەر گەڕانەوەی بۆ سەر زەوی؟
عیسای مەسیح دەگەڕێتەوە. ئەو شتەی ڕاگەیاند. پێغەمبەرانیش ڕایانگەیاند. فریشتەکان هەروەها ڕایانگەیاند. هەموو قوتابییە ڕاستەقینەکانی مەسیح چاوەڕوانی گەڕانەوەین. دەگەڕێتەوە و خەڵکی خۆی دەبەتە ئاسمان. دادوەری جیهان دەکات لە ڕاستودرووستی و فەرمانڕەوایی دەکات بەسەر هەموو زەوی. دەبێتە پاشای جیهان. دەبێت بۆ هەزار ساڵ فەرمانڕەوایی بکات تاکو هەموو دوژمنەکانی چۆك دادەن لە بەرامبەری. بەڵێ، بەم زووانە دەگەڕێتەوە. هەموو کەس دان دادەنەن کەوا پاشای پاشایانە و پەروەردگاری پەروەردگارانە. دەگەڕێتەوە و لە بەرامبەری ڕادەوستی، دادوەری مەزن. لەو ڕۆژەی ڕوو بە ڕوو ڕادەوستی لەگەڵی، پرسیارت لێ دەکات، (ڕات چیە بەرامبەر من؟) وەڵامت چی دەبێت؟ ئەگەر وەڵام بدەیەوە و بڵێی (وام دەزانی کە یەکێکی لە پێغەمبەران) پاشان پرسیارت لێ دەکات بۆچی بەڕاستی باوەڕت پێی نەهێنا —مەحکوم دەکرێی، لەبەر ئەوەی باوەڕت نەهێنا بەوەی فەرمووی دەربارەی خۆی، باوەڕت بەوە نەهێنا کە پێغەمبەران نووسییان دەربارەی. کەوا کوڕی خودایە لە ئاسمانەوە، ڕزگاری دەری تاك و پیرۆز. کێ دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانڕەوایی؟ ئایا ئیبراهیم، موسا، داود یان پێغەمبەری تر دەگەڕێنەوە بۆ فەرمانڕەوایی؟ نەخێر. پەروەردگار عیسای مەسیح ئەو کەسەیە کە دەگەڕێتەوە. دەبێتە دادوەر. خودا ئەم ڕاستییەی سەلماند بە هەڵسانەوەی لە مردن. دەگەڕێتەوە. هەموو چاوێك دەیبینێ. هەموو چۆکێك بۆ دادەنرێ. هەموو زمانێك ڕایدەگەێنێ کە (عیسای مەسیح پەروەردگار!)

ئێستاش دێنە لای پرسیاری کۆتایی: ڕات چیە بەرامبەر داواکارییەکانی لە تۆ؟
پەروەردگار عیسا دەفەرموێ، (وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە. نیری من بخەنە سەر خۆتان و لەمنەوە فێربن، چونکە دڵنەرم و ڕۆحسووکم، حەسانەوەش بۆ دەروونتان دەدۆزنەوە. (مەتا ١١: ٢٨، ٢٩) تا ئەمڕۆش، بانگت

دەکات. کاتێ بانگی یەکەم قوتابیەکانی کرد و بە دوای بکەون، هەموو شتێکیان بەجێ هێشت: ماڵی خۆیان و خێزانەکانیان و ئیشەکانیان. دەیەوێ تۆش وا بکەی. ئەمە مانای ئەوە نیە کە ماڵ و ئیشی خۆت بەجێ بێڵی بۆ ئەوەی شوێنی عیسا بکەوێ، بەڵکو دەبێت هەموو ژیانی خۆت تەسلیمی ئەو بکەی و پلەی یەکەم بەو بدەی لەناو دڵت. دەیەوێ متمانەی پێ بکەی، باوەڕی پێ بێنی و وەك ڕزگاری دەرت و گەورەت قەبوڵی بکەی. هەمووتی دەوێ: بیرت و دڵت و جەستەت و گیانت.

وەك بینیمان، عیسای مەسیح تاکە و ناکرێ بەراوردی بکەین لەگەڵ کەسی تر. تاکە لە لەدایك بوونی، لە خەسلەتی، لە فێرکارییەکانی، لە ئیشەکانی، لە ناو و ناونیشانەکانی، لە ئازار کێشان و مردنی، لە هەڵسانەوەی، لە سەرکەوتنی، لە گەڕانەوەی و لە هێزی بۆ گۆڕینی دڵی نەوەکانی ئادەم. ئەو لە ژیاندایە ئەمڕۆ. لەگەڵ ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان پێی هەیە. بەم زووانە دەگەڕێتەوە. کەس وەك ئەو نیە لە ئاسمان و لە زەوی. بۆیە دەسەڵاتی هەیە ببێت بە پاشا و پەروەردگاری ژیانت! پەروەردگار عیسای مەسیح دەیەوێ ببێت بە ڕزگاری دەرت و پەروەردگارت. لەبەر ئەوە مرد لەسەر خاچەکە و گەڕایەوە بۆ ژیان! هێزی ئەوەی هەیە گوناهەکانت لاببات و پەیوەندیەکی قووڵ و سەرسوڕهێنەرت هەبێت لەگەڵ خودا تاهەتا. دەتوانێ ژیانێکی نوێت پێ ببەخشێ، دڵت پاك بشوات و نوێت بکاتەوە بە هێزی ڕۆحی پیرۆز، بەڵام دەبێت متمانەی بەخۆی و قوربانیەکەی بکەی.

بەداخەوە، زۆر کەس عیسا وەك پێغەمبەرێکی مەزن دادەنەن، بەڵام هەرگیز وەك پەروەردگار و ڕزگاری دەریان قەبوڵیان نەکردووە. باوەڕ هێنان بەوەی عیسا پێغەمبەرێکی مەزن بوو بەس نیە! دەبێت هاوڕا بیت لەگەڵ خودا کەوا عیسا پەروەردگار هەمووانە و کە کاتی لەسەر خاچەکە مرد، لە شوێنی تۆ مرد. هەموو ئێمەی نەوەی ئادەم کێشەیەکی جددیمان هەیە: ئەویش گوناهە. خودا بە بەزەیی مەزنی خۆی، چارەسەرێکی دابین کردووە بۆ کێشەکەمان، بەڵام دەبێت وەربگرین. ئەگەر نەخۆش بم و بچمە لای پزیشك، دەرمانم بۆ دەنوسێ. منیش دەرمانەکە دەکرم و دەگەڕێمەوە ماڵ و لەسەر مێزەکە دایدەنەم، تەماشای دەرمانەکە دەکەم و دەرمانەکەش تەماشای من دەکات. ئایا ئەوە وا دەکات چاك ببمەوە؟ نەخێر! بۆ ئەوەی چاك ببمەوە دەبێت دەرمانەکان وەبگرم و قوتی بدەم وەك بۆم نووسراوە. دەرمانی خودا پەروەردگار عیسای مەسیح و ئەو خوێنەی ڕشتی لەسەر خاچەکە.

ڕەنگە کەسانێك بپرسن، (چۆن دەتوانم چارەسەری خودا بۆ گوناهم وەربگرم؟) زۆر بەئاسانی، دەبێت دان بنەی بۆ خودا کەوا گوناهباری، کەوا (کردەوە باشەکانت) وەك بەرگی پیسن بەرامبەر و هیچ توانایەکت نیە خۆت لە دادوەری ڕاستوردووستی ئەو ڕزگار بکەیت. پاشان دەبێت لەناو دڵت باوەڕ بێنی کەوا پەروەردگار عیسای مەسیح سزای گوناهەکانی تۆ چێژا. عیسای مەسیح هەموو داواکارییەکانی دادوەری خودای ڕازی کرد بەتەواوی. ئەگەر باوەڕ بێنی کەوا مەسیح مرد و هەڵسایەوە دووبارە بۆ ڕزگارکردنی تۆ، ئەو کاتە خودا لە گوناهەکانت خۆش دەبێ و جلی ڕاستودرووستی مەسیحت لەبەر دەکات، ڕۆحی پیرۆزی خۆی دەنێرێتە ناو دڵت و مافی ئەوەت دەداتێ لە حزووری ئەو بژی تاهەتا! شکۆمەندی بۆ خودا، دەتوانی ئەمڕۆ ببی بە ڕاستودرووست — ئەگەر باوەڕ بێنی!

ئایا (دەرمانی خودات) وەرگرتووە کەوا دەتوانێ لە نەخۆشی گوناه چارەسەرت بکات و ڕزگارت بکات لە ئاگری تاهەتایی دۆزەخ؟ هەر کەسێك ڕقی لە چارەسەری خودا ببێتەوە، ئەویش کە ئەو خوێنەیە وا عیسا ڕشتی، دەبێت بزانێت کەوا هیچ چارەسەرێکی تر نیە بۆ چاککردنەوەتان لە گوناه. بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان! خودا هیچ ڕێگایەکی تری دانەناوە بۆ پاککردنەوە گوناهباران و کردنیان بە ڕاستودرووست لە بەرامبەری. هیچ ڕێگایەکی تر نیە بۆ بەهەشت.

بەوریایی بخوێنەوە نووسراوی پیرۆز چی ڕادەگەیێنێ سەبارەت بە تاکە ڕێگای ڕاستودرووستی کەوا خودا دابینی کردووە بۆ گوناهباران تاکو بکرێن بە ڕاستودرووست بەرامبەری. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(ڕۆما ٣) [٢٠] چونکە بەکرداری شەریعەت کەس لەلای بێتاوان نابێت... [٢١] بەڵام ئێستا بێتاوان کردن لەخوداوە ئاشکرا کرا بەبێ شەریعەت، شەریعەت و پێغەمبەرانیش شایەتی بۆ دەدەن. [٢٢] ئەم بێتاوان کردنەی لەخوداوە بەهۆی باوەڕ بەعیسای مەسیح بۆ هەموو

ئەوانەیە کەباوەڕ دەهێنن، بۆ هەمووان بەبێ جیاوازییە. [٢٣] لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لەشکۆی خودا کەوتن، [٢٤] بەخۆڕایی بەنیعمەتی ئەو بێتاوان کراون، بەو کڕینەوەیەی لەعیسای مەسیحدایە... [٢٧] بۆیە کوانێ لەخۆباییبوون؟ شوێنی نەماوە. بەچ یاسایەک؟ هی کردار؟ نەخێر، بەڵکو بەیاسای باوەڕ.

(چونکە بەنیعمەت ڕزگارتان بوو بەهۆی باوەڕ، ئەمەش لەخۆتانەوە نییە، بەڵکو دیاری خودایە، لەکردار نییە، تاکو کەس شانازی نەکات.) (ئەفەسۆس ٢: ٨، ٩) (ئەگەر بەدەمت دانت پێدانا عیسا خوداوەندە و بەدڵ باوەڕت کرد کەخودا لەناو مردووان هەڵیستاندەوە، ڕزگار دەبیت... چونکە{هەر کەسێک بەناوی خوداوەندەوە بپاڕێتەوە ڕزگاری دەبێت.} (ڕۆما ١٠: ٩، ١٣)

ئایا بە ناوی پەروەردگارەوە پاڕایتەوە؟ ئایا دیاری خودات وەرگرتووە بۆ ڕزگاربوون؟ یاخود هێشتا هەوڵ دەدەی بەکردەوەی خۆت، خۆت ڕزگار بکەی؟ تکاتان لێ دەکەین ڕێگای ڕاستودرووستی خودا بۆ ڕزگاربوونی ڕەت مەکەنەوە. خودا دڵت دەناسێ. دان بنە بۆی کەوا گوناهباری، کەوا تۆ یاسا پیرۆزەکانی ئەوت شکاند. پێی بڵێ تۆ شایەنی دادوەری سامناکی ئەوی. پاشان سوپاسی بکەی بۆ ناردنی ڕزگاری دەرێکی بێ گوناە کەوا بەئیرادەی خۆی لە جێگەی تۆ ئازاری کێشا، سزای تاهەتایی تۆی لابرد و پاشان بەسەرکەوتوو لە گۆڕ هەڵسایەوە !

دەبێت بۆ لای خودا بێیت بە ڕێگای ڕاستودرووستی کەوا خۆی دایمەزراندووە، یاخود ناتوانی بەهیچ شێوەیەك بێیت. خودای بەبەزەیی و میهرەبان، داواتت دەکات بێی. ئەمڕۆ برۆ لای و ڕزگارت دەبێت. (باوەڕ بە عیسای خوداوەند بهێنە، خۆت و ماڵەکەت ڕزگارتان دەبێت.) (کرداری نێردراوان ١٦: ٣١)

ئەم وانەی سەدەمین و کۆتایی بوو لە گەشتەکەمان بە نێو نووسراوە پیرۆزەکان. سوپاست دەکەین. لەگەڵ ئەم دوعایە سەرنج ڕاکێشەی ووشەی خودا ماڵ ئاواییت لێ دەکەین:

(بۆ ئەوەی تواناداره بێ ساتمەکردن بتانپارێزێت، بەشادییەوەش بێ گلەیی لەبەردەم شکۆیەکەی ڕاتانبگرێت، بۆ تاکە خودای ڕزگارکارمان بەعیسای مەسیحی خوداوەندمان، شکۆ و مەزنی و هێز و دەسەڵات بۆ ئەوە، پێش هەموو ڕۆژگار و ئێستا و تاهەتایە! ئامین.) (یەهوزا ٢٤، ٢٥)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. دەربارەی عیسا، ڕات چیە بەرامبەر مردنی؟ دەزانی لەکوێ دەمرێ؟ یاخود چۆن دەمری؟ دەزانی کەی دەمری؟

٢. ڕات چیە بەسەرکەتنی بۆ ئاسمان؟

٣. ڕات چیە بەرامبەر گەڕانەوەی بۆ سەر زەوی؟

٤. لەو ڕۆژەی ڕوو بە ڕوو ڕادەوستی لەگەڵی، پرسیارت لێ دەکات، (ڕات چیە بەرامبەر من؟) وەڵامت چی دەبێت؟

٥. کێ دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانڕەوایی؟

٦. ئایا ئیبراهیم، موسا، داود یان پێغەمبەری تر دەگەڕێنەوە بۆ فەرمانڕەوایی؟

٧. ڕات چیە بەرامبەر داواکارییەکانی لە تۆ؟

٨. چۆن دەتوانم چارەسەری خودا بۆ گوناهم وەربگرم؟

٩. ئایا (دەرمانی خودات) وەرگرتووە کەوا دەتوانێ لە نەخۆشی گوناە چارەسەرت بکات و ڕزگارت بکات لە ئاگری تاهەتایی دۆزەخ؟

١٠. ئایا دیاری خودات وەرگرتووە بۆ ڕزگاربوون؟ یاخود هێشتا هەوڵ دەدەی بەکردەوەی خۆت، خۆت ڕزگار بکەی؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**

**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org